## ئەسڵی هەقایەتێك بوو

کتێب بۆمانی ئەگێڕێتەوە ئەڵێ وەختی خۆی لە ئێرانا، زەمانی مەغۆلەکان، هەموو هیوایەتی سوڵتان ئەوە بوو لە بەهاراندا کوللی جومعەیەکی خوایی بە حەشەمو مەشەمەوە ئەچوو بۆ دەشت. خەڵکی پایتەختیش ئەبوایە واز لە ئیشو کار بێننو لەو سەیرانە خۆشەدا بەشداربوونایە. سەیرانەکەش تەنیا لە یەك بڕگە پێکهاتبوو. بە فەرمانی سوڵتان ئەهاتن هەزاران نێرەکەرو ماکەریان تێك بەرئەدا. رەعییەتیش بە ژنو پیاوەوە ئەبوایە تەماشایان بکردایەو پێبکەنینایە.

بەڵێ قوربان خەڵکەکەی جاران ئاوا مەزڵوم بوون کەچی هەشمانە خۆزگە بەو زەمانە ئەخوازێ




## بەئیجازەی گۆرانی بێژان

زەوق سز

بەو سوێندەو بەو قورعانە، بەژنی دار حەیزەرانە
هەواڵی کێ ئەپرسیت ئەڵێن لە هەندەرانە
+++
باڵات بە بەرزی، قەد بە ئەندازە
بە مالوان مەڵێن هەڵەبجەی تازە
+++
گۆنات پەنیری تەڕە، سنگت دەڵێی مەڕمەڕە
تەعلیماتی سەرێیە، تا ئەتوانی هەڵپەڕە
+++
نەخۆشو دەردەدارم، ئارامم نیە ساتێ
بەحساب سەربەخۆیەو حیزب پارەی ئەداتێ
+++
عەنتیکەو زێدەلاوە، چۆنی لێ بکەم سڵاوە
نیودەفتەری تێ ئەچێت، سەیرانێکی شەقڵاوە
+++
هاتووە لە لای ئەو دێیە، کوڵمی زەردە بەهێیە
چۆن لێ ئەخوڕی لێ بخوڕە، رۆڵە گیان کێ بە کێیە
+++
بەوخوایەی بێ مەکانە، غەریبم لێرەکانە
وەزع هەرچی بەسەر بێت ، خەتای مەسئولەکانە
+++
کوڵنجە رێ رێ، دەسماڵ پوولەکە
لای عەرەب یەکن کوردو جولەکە
+++
ئەرێ لەماڵ هاتەدەر، قەد باریکەی رەشئەسمەر
نە عەلی بڕەنجێنەو نە جەماعەتی عومەر
+++
ئازیز بەهارە، دڵەکەم بەهارە
مورتاح یا زۆردار، یاخود بێعارە
+++
هەی زێنێ عەمرم زێنێ، مەنزڵ دیوی گەرمێنێ
ئۆپۆزیسیۆن وا بکات کورد یەك کورسی نامێنێ
+++
کام رەشی ئەگات بە رەشی چاوی
بەتەمام ببمە پیاوی عەلاوی